بۆ تۆ ... هاوڕێم

پێشکەشە بە

"حەیدەر کەریم"ی جوانەمەرگ

کرمێ و رزیوە

من و یاری جێماوت برسیمانە ..

چی لە هێلکەیەکی گەنیو بکەین

من و ئەویش بۆ هێلانەیەك دەگەڕێین

وەك دوو مەلی باڵا هەڵوەریو

سووتانی گشت دارستانەکان دەبینین

نا هاوڕێکەم .. چاولێك بنێ و ئارام بنوو

پاش کۆچی تۆ ..

لەگەڵ پیرە ژنەکاندا تێر گریاین

ئەمێستاش لە خەمی مەرگی کت و پڕی تۆ

لەتەك هاوڕێکانت.. تا نیوەشەو دەخۆینەوە

سوێند بە خوێنت خەفەتبارین ..

لە تۆڵەی مەرگی تۆ ..

لە ئاودەستی باڕەکاندا دەڕشێینەوە

ئارام بەو .. ئێمەین جێی باوەڕی تۆ

ئەو درەختە زڕەی تۆ ئاوت دەدا

هیچ مەترسە .. دەیبڕینەوە

ئەو کچۆڵە شەرمنەی تۆ بۆی دەسووتای

نیگەران مەبە .. هەر شەوە و یەکێ لە هاوڕێکانت دەیبەنەوە

وەك پێکی جێماوی خۆت ..

بە دزی تۆ .. دەیخۆنەوە ..!